


## هەڵبژاردندا

## لیستی  شیعەکان لە پێشەوەیەو کوردیش سێیەمە

لەراپرسییەکدا کەسایتی "عراق الغد" بڵاویکردۆتەوە لیستی هاوپەیمانی عیراقی یەکگرتوو کەبەلیستی شیعەکان ناسراوە, زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێناوە. لەهەمان راپرسیشدا لیستی هاوپەیمانی نیشتمانی کوردستان **12.4**%ی دەنگی مسۆگەر کردوەو لەپلەی سێیەمدایە.

لیستی یەکێتی گەل کە لیستی حزبی شیوعی عیراقە بەرێژەی **26.8**%ی دەنگەکان پلەی دووەمی وەرگرتووەو هەریەک لەلیستی عیراقیەو حزبی ئیسلامی عیراقی و لیستی حزبە نەتەوایەتیەکان لەپلەکانی چوارەم و پێنجەم و شەشەمی ڕێزیەندییەکە دێن.

ئەوەی جێگەی سەرنجە جگە لەلیستی شیعەکان و شیوعی و کوردستانی هیچ لیستێکی تر ڕێژەی 7%ی تێنەپەڕاندووە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com